# عه شق

ئێقبال حه نیفی{ سیروان}
2006.01.3

له مێزۆپۆتامیای خوێنه وه
به دوای عه شقدا ئه گه ڕێم
له ئاسوی خه ونه وه
به دوای روناکی وه یلانم
له ده ریاکانی ترسه وه
شێعره زنجیرکراوه کان ئه ڵێمه وه
له ڕێبه ندانی رۆحه وه
چاوه ڕێ پشکوتنی گوڵێک ئه که م
له قه برستانی هیواوه
حه سره تی شه قه ی باڵی پێکه نینێک له گه ڵ خۆیدا ئه مبات
له سه ر سفره ی سه ربڕینی گۆڵه گه زیزه کانی لاپاڵ
حه زی گۆرانیک، ئاهه نگێک گویَ قوّلاخم ده کات
له تاسه ی ماچه گه رمه کانی دایکمه وه
لێوه کانی سۆ زانیک له کۆڵانه شپرزه که ی قه راخ شار ماچ ئه که م
که چی له چرپه ی یاده کانی تۆشه وه
خۆم له خۆمدا زیندانی ناکه م
تاڤگه ی فرمێسک هه ڵناڕێژم
ده فته ره کانم په ل په ل ناکه م
هه ر به ته نیا
په ت له ملی دلم ئه که م و تا دوایین هه ناسه به دوای خۆما رای ئه کێشم